بڕیاری ئەمریکی یونیفیل لە لوبنان تا کۆتایی ساڵی 2026 درێژکرایەوە

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەمڕۆ پێنجشەممە، ئەمریکی UNIFILی لە لوبنان بۆ دواجار تا 31ی (کانونی یەکەم/12)ی 2026 درێژکردەوە.

ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان لە راگەیەندراوێکدا باویکردەوە، بەو کێی دەنگ بۆیاردرا بۆیارنامەیەك پەسەند بکرێت کە ماوەی کارکردنی هێزەکانی یونیفیل لە لوبنان بۆ دواجار درێژبکرێتەوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، "درێژکردنەوەی ماوەی کارەکانی یونیفیل تاوەکو 31ی (کانونی یەکەم/12)ی 2026 بەردەوام دەبێت".

لەلای خۆیەوە، نەواف سەلام سەرۆك کۆماری لوبنان پێشوازی لە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد و سوپاسی هەمو وڵاتانی ئەندامی کرد بۆ بەشداری ئەرێنییان لە دەنگدانەکان و راشیگەیاند، ئەم بڕیارەی نوێکردنەوە بۆ ماوەی ساڵێك و چوار مانگە، دوای ئەوە پرسەی کشانەوەیەکی وردە وردە و سەلامەت دەست پێدەکات، کە لە کۆتایی ساڵی 2026

دەبێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، بڕیارنامەکە داوا لە سکرتێری گشتی دەکات کە ئەو بژاردانەی لەبەردەستدا بێت بۆ جێبەجێکردنی بڕیارنامەی 1701 لە داهاتودا دوای کشانەوەی یونیفیل، لەوانەش ئامرازەکانی هاوکاری سەبارەت بە ئاسایش و چاودێریکردنی هێڵی شین.